# ڕامانێک دەربارەی چەمکی ڕەهابوون

# لە هونەری بەهجەت یەحیا دا

نووسینی: ئاراس فەتاح

هاوینی ٢٠١٥

موزیـک ڕەهایـە، بـەڵام چۆن لـەم ڕەهابوونـە بگەیـن. ڕەهـا لـە موزیکدا شـتێک نییە لـە دەرەوەی خۆیدا بۆی بگەڕێیـن، وەکـوو لـە ئاییـندا دەیبینین، بەڵکوو موتڵـەق ئـەو دۆخـە ناوەکییـەی نـاو خـودی موزیـک خۆیەتـی. ڕەهابوونـی موزیـک کاتێـک بەرجەسـتە دەبێت، کـە موزیکژەن یـان موزیـککار لەنـاو بێدەنگییەکـی قووڵـدا تۆنێـک دەدۆزێتـەوە، کـە هێنـدەی لەدایکبوونـی منداڵێـک پـڕژان و خۆشییبەخشـە. هونـەری بەهجـەت یەحیـا دەمانباتـە نـاو تۆنالیتێتـی Tonalität ڕەهابوونـەوە، دۆخێـک دەتوانێت تیایـدا گەڕۆکـی موتڵەقێـک بێت. ئـەم گەڕۆکـە الی ئیمانـدارەکان ڕۆحـە، بـۆ ڕۆشـنبیران ئیسـتێتیکە، الی دڵـداران عەشـقە و بـۆ هونەرمەندانیش جوانییـە. هـەر ئـەم دۆخـە ڕەهایـەی هونـەری بەهجەتـە وامـان لـێ دەکات هەریەکەمـان بـە فۆرمێـک لێـی تێبگەیـن، چونکـی سیسـتەمێکی هارمۆنیـی تێدایـە، کـە وا دەکات هەریەکەمـان بەچەشـنێک چێـژی لـێ ببینیـن و بـە فۆرمێـک بێتـە ناومانـەوە. موزیکـی بەهجـەت، فۆرمێکـی بەئەپسـتراکتبوونی سـوبیەکتیڤێتیی ( Subjektivitätخـودی هونەرمەندەکەیـە؛ تەعبیـر لـە شـتێک نـاکات لـە دەرەوەی خـۆی، شـتێکی کۆنکرێـت نییـە وێنەیمـان بـۆ بکێشـێت و جیهانێـک نییـە وێنامـان بـۆ بـکات، بەڵکـوو هونەرەکـە تەعبیـر لـە خـودی بەهجەت یەحیا خـۆی دەکات. هـەر ئەمەشـە وا دەکات موزیکـی بەهجـەت لـە یـەک کاتـدا دەتوانێـت دەروێشـی بێـت و

بـە هەمـان ڕادەش دەتوانێـت میدیاتیـڤ( mediativ( بێـت، چەنـدە دەتوانێـت تەنهایـی و تەرەبـوون بێـت، هێنـدەش دەتوانێـت پێکەوەگرێـدان و ئاوێتەنبـوون بێت، چەنـدە دەتوانێـت عەشـقێکی عیرفانـی بێـت، هێندەش دەتوانێـت عەشـقێکی دونیایـی بێـت. هونـەری بەهجـەت چەنـدە دەتوانێـت خەمباریمـان بـۆ بەرهـەم بهێنێـت، هێنـدەش دەتوانێـت شـادمان بـکات؛ چەنـدە وامـان لـێ دەکات بیـر بکەینـەوە، هێنـدەش دەتوانێت دۆخێکمـان بـۆ بخوڵقێنێـت، کـە تیـادا چێـژ لـە خامۆشـبوون ببینیـن، یـان هـەر بیـر نەکەینـەوە. میلۆدییەکانـی بەهجـەت هێـزی ئەوەیـان تێدایـە بمانخەنـە نـاو دۆخـی ڕامانێکـی ناوەکـی و دابـڕان و تەنهابوونێکـی وجـودی.

دیـارە موزیـک بـە مانـا بـاوە زۆر سـاکارەکەی وای لـێ تێدەگەیـن، کـە زمانـی ڕۆح بێـت و دەربـڕی هەسـتەکانمان بێـت، بـەڵام موزیـک لـە ڕاسـتیدا وەکـوو شـۆپنهاوەر دەڵێـت، تەعبیـر نییـە، واتـە شـتێک دەر نابڕێـت، بەڵکـوو دۆخێکـی ئۆنتۆلۆژییـە Ontologie( ،(کـە تەنهـا تەعبیـر لـە خـۆی دەکات، نـەک لـە شـتێکی تـر. لـە ڕاسـتیدا ئـەوە ئێمـەی گوێگریـن کـە بـە خواسـتی خۆمـان ڕاڤـەی موزیـک دەکەیـن، ئـەم ڕاڤەکردنـەش ئـەو پەیوەندییـە ئاڵـۆز و قووڵـەی نێـوان موزیـک و زمانمـان بـۆ دەر دەخـات. واتـە موزیـک ئاخاوتـن نییـە لـە ڕێگـەی زمانـەوە، بەڵکـوو ئـەو سیسـتەمە ڕیتمییـە، کـە تۆنـەکان دەگەیەنێتـە ئـەو شـوێنەی زمـان لـە ڕێگـەی لۆژیکـەوە دەیگاتـێ. ئێمـە ناتوانیـن لەگـەڵ کەسـانی سـەر بـە میللـەت و زمانێکـی تـردا قسـە بکەیـن، بـەڵام موزیـککارەکان دەتوانـن لەگـەڵ یەکدا بدوێـن و لـە یەکتریـش تێبگـەن. واتـە گـەر موزیکژەن

و گۆرانیبێژی هەموو جیهان کۆ بکەینەوە و لە ڕێگەی زمانەوە نەتوانن لەگەڵ یەکدی گفتوگۆ بکەن، بەاڵم دەتوانن لە ڕێگەی ڕیتم و تۆنەوە لەگەڵ یەکتر بدوێن.

دیارە ئەم ئاستە لە کۆمونیکەیشن دەتوانێت کایەی جووڵەش لە فۆرمی هەڵپەڕکێ و سەما بیگاتێ، واتە ئێمەی مرۆڤ بێ ئەوەی لەگەڵ یەکتر بدوێین، دەتوانین لە ڕێگەی ڕیتمەوە لەگەڵ یەکتر سەما بکەین و پەیوەندی دروست بکەین. دەشێت لێرەدا، لە دۆخی ونبوونی پرسیار لە ڕیتمدا بگەین. لە ڕیتمدا پرسیار ناکەین، بەڵکوو هێڵێک هەیە لەسەری دەجووڵێین یان دەمانجووڵێنێت، بێ ئەوەی ئەو بەدوای عەشقا هێڵە بخەینە ژێر پرسیارەوە. هەر وەکوو چۆن جووڵە و ڕیتمی هەڵپەڕکێ یان سەما ناخەینە ژێر پرسیارەوە و ناپرسین بۆچی ئەم جووڵەیە وایە، ئاوهاش موزیک ناتوانێت باس لە ڕیتمی خۆی بکات، بەڵکوو ئەوەیە کە هەیە و موزیکژەنەکان میلۆدییەکە لە ڕێگەی پارتیتورەوە دەخوێننەوە و لە ڕێگەی ئامێرە موزیکییەکانەوە دەیژەنن، بێ ئەوەی پرسیار بکەن. هەر وەکوو چۆن بۆ هونەرمەندێکی تەشکیلی زەحمەتە باس لە کارە هونەرییەکەی بکات، بۆ کۆمپۆنیستێکیش زەحمەتە باس لە موزیکی خۆی بکات. موزیک دۆخێکی تۆتاڵی( Total( هەیە، بەرجەستەترین دۆخی ئەم تۆتاڵبوونەشی لە بوونی ماسیترۆدا دەبینین. ئا لێرەدا دەتوانین لەم تۆتاڵییوونە تێبگەین، دۆخێک کە کەس ناتوانێت لێی دەر بچێت، چونکی هەموو موزیکژەنەکان، لە کاتی ژەنیندا، تەماشای دارەدستی مایسترۆ دەکەن. پێدەچێت کەسی مایسترۆ جوانترین دیکتاتۆر بێت، کە ئینسان توانییێتی لە دەرەوەی سیاسەت بەرهەمی بهێنێت. جیاوازی لەنێوان دیکتاتۆری سیاسی و دیکتاتۆری موزیک کە لە مایسترۆدا بەرجەستە دەبێت، دەشێت ئەوە بێت کە مایسترۆ ئاراستەی کۆی ڕیتمەکان دەکات و لەناو یەک یەکە( Einheit( و بۆتەیەکدا کۆیان دەکاتەوە، بەاڵم ئەم بۆتەیە بەبێ بوونی موزیکژەن و سوپران و ئالەتی جیاواز، کە هەریەکەیان سەربەخۆیی خۆی لە شوێنی خۆیدا هەیە، ناتوانێت ببێت بەو بەرهەمەی کە دەبێت لەدایک بێت. واتە کۆمپۆنیست لە ڕێگەی مایسترۆوە هەموو دەنگەکان لەناو کۆیەکدا کۆ دەکاتەوە، بێ ئەوەی هیچ یەکێک لەو دەنگانە بکوژێت، یان بسڕێتەوە، بەاڵم دیکتاتۆری سیاسی هەموو دەنگ و ڕەنگەکانی ناو کۆمەڵگە دەکوژێت، بۆ ئەوەی بیانکات بە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ. موزیک تێکەڵێکە لە ملمالنێیەکی ناکۆتای نێوان کەیئۆس( Chaos( و ڕێکخستن. دەشێت هەر ئەمەش بێت وامان لێ بکات لە ئەدۆرنۆ بگەین، کاتێک دەڵێت موزیک تێکەڵێکە لە هەردوو کاراکتەری دیۆنیسۆس و ئەپۆلۆس، واتە ملمالنێیەکی ناکۆتای نێوان ڕێکخستن و عەفەوییەتە. بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین، موزیک ماتماتیک نییە، بەاڵم بەبێ ماتماتیکیش، زەحمەتە موزیک دابنرێت.

هونەری بەهجەت هیچ شتێکی دیاریکراو بەیان ناکات و دۆخێکی کۆنکرێتیش نمایش ناکات، بەهجەت یەحیا بەڵکوو تەنها تەعبیر لە خۆی دەکات. ئەم کردەی )تەعبیر-لەخۆ-کردن(ە بەو مانایە نایەت، کە تەنها

بۆخۆی دەژی و هەستمان ال دروست ناکات، خەمبارمان ناکات، یاخود وامان لێ ناکات ڕابمێنین، بەڵکوو بەو مانایەی کە لەو چرکەساتەی خۆی نمایش دەکات، تەنها نوێنەرایەتیی خۆی دەکات. تەنها

ئا لەوێدایە کە هونەری بەهجەت پێمان دەڵێت خەمباربوون چۆنە، عاشق بوون چییە، چۆن لە جوانیی ڕابمێنین، ئارامیی دەروونی لەکوێدایە و تەنهابوون چ قەرەباڵغییەکە. خانەبەندکردن و پۆلێنکردنی موزیکی بەهجەت بە موزیکی عیرفانی یان دەروێشیی ڕووت، تەنها گوناهێکی موزیکاڵی نییە، بەڵکوو بەدنتێگەیشتنە لە خودی موزیکی بەهجەت خۆی.

موزیک پەیامێکی هەیە، وەکوو لە نوێژکردندا دەیبینین، بەڵام بە پێچەوانەی نوێژکردنەوە، موزیک ڕووکردن نییە لە موتڵەقێک، کە لە شتێکی دەرەوەی خۆماندا بەرجەستە دەکرێت، بەڵکو بەمیتافیزیککردنی خودی ئینسانە. واتە بە پێچەوانەی نوێژکردنەوە، ناوهێنانی خودا نییە، بەڵکوو بانگکردنێتی. ڤیتگنشتاین لە کتێبی قاوەییدا دەڵێت، "میلۆدی شتێکمان پێ دەڵێت، وەکوو ئەوەی دەبێت ئەو شتە بدۆزینەوە کە دەیڵێت. سەرەڕای ئەوە دەزانم ئەو شتە ناڵێت، کە من بتوانم بە وشە یان لە وێنەدا تەعبیری لێ بکەم." موزیک نە زمانە بەو مانایەی کە شتێک دەگەیەنێت و نە وێنەشە بەو مانایەی تەعبیر لە شتێک بکات. موزیکی بەهجەتیش نە زمانە و نە وێنەکێشانە، بەڵام دەتوانێت بۆ ئێمە ببێت بەو میدیۆمەی( Medium) هەریەکەمان بتوانێت لە ڕێگەیەوە بە فۆرمێک لە فۆرمەکان تەعبیر لە خۆی بکات. بۆ ئەوەی بتوانین لە بوون بگەین، دەبێت گوێ لە موزیک بگرین، چونکە موزیک ئەو شوێنەیە، کە نە زمان و نە هونەری تەشکیلی دەتوانێت پێی بگات. ئەمەش ئەو دۆخە میتافیزیکییەی موزیکە، کە شۆپنهاوەر دەیەوێت تێمان بگەیەنێت.

دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەین، کە لە هەموو کولتوورێکدا جۆرێک لە چرکەساتی مێژوویی هەیە، کە مرۆڤی داهێنەری خۆی دروست دەکات، چ لەسەر ئاستی هونەر بێت یان لەسەر ئاستی فیکر. بۆیە دەبینین لەناو هەموو میللەتێکدا ژمارەی ئەو کەسانەی داهێنەرن، هەمیشە کەمایەتییەکی زۆر بەرچاون .

بەدوای عەشقا هەر ئەمەشە وا دەکات کە ئێمە بەبێ تێگەیشتن لە کولتووری کوردی، نەتوانین لە هونەری بەهجەت

بگەین. هەر وەکوو چۆن زمان بارگاوی کراوە بە کولتوور، ئاوهاش موزیکی بەهجەت تەواوکەری داهێنانەکانی ناو کولتووری ئێمەیە، یان باشتر بڵێم، چرکەساتێکی تایبەتە لە مێژووی موزیکی کوردی. هەموو کایە فیکری و ئەدەبی و هونەرییەکانی ناو کولتووری ئەم سەردەمەمان، بە فۆرمی جیاواز تەعبیریان لە وێرانەیی و داوەشانی دونیای ئێمە کردووە. بەهجەت دێت و ئینسانی ئێمە لەم دۆخە وێرانەیە دەگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنەی دەستکاری نەکراوە و دەبێت بیپارێزین. هونەرەکەی دەبێت بە ماڵێک، کە دەرەوەی وێرانەیە، ناوەوەشی پڕە لە جوانی و ئێستاتیک. زۆر جار کە گوێ لە گۆرانیی بەهجەت دەگرم، کوردستانم وەکوو ماڵێکی خۆرهەڵاتی دێتە بەرچاو، ماڵێک، گەر لە دەرەوە تەماشای بکەین، وێرانە و وشکهەڵتوو و داوەشاوە، هەندێ جێگەی کەلاوەیەکی گەورەیە، بەڵام کە دەچیتە ناوەوەی، پڕە لە ڕەنگ و تەڕی، ڕازێنراوە بە نەخش و نیگار و نەخشەسازیی پڕئێستاتیکای خۆرهەڵاتی. گۆرانییەکانی بەهجەت لەناو غاوەغاوێکی گەورە و تەقەی تفەنگەکانی دونیای، دوای ڕاپەڕین هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی هێمن بۆ تێرامان، بەتەنهایی و بێدەنگی.

لە گۆرانییەکانی بەهجەتدا، بەتەنها شتێکی تێدا نییە بۆئەوەی لێی تێبگەین، بەڵکوو لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە بەهجەت شتێکمان دەداتێ بۆ ئەوەی لێی تێبگەین. ئەم تێگەیشتنە بەو مانا باوە نایەت، کە موزیک تەعبیرە لە ڕۆح و زمانێکی گەردوونی و هەموو کەس تێی دەگات، بەڵکوو بەو مانایە دێت، کە موزیک وەکوو زمانێکی کۆمۆنیکاتیڤ، میدیۆمێکە بۆ لێکتێگەیشتن. موزیک کاتبەسەربردن نییە، بەڵکوو گەڕانەوەی بەهای کاتە بۆ ئینسان. ژمارەی ئەو میلۆدی و گۆرانییانەی دونیای ئێمە کەمن، کە وامان لێ بکات کات بۆ گوێگرتنیان دابنێین و تەنها بین. ژمارەی ئەو میلۆدییانەش کەمترن، کە موزیک تیایاندا سەربەخۆیی خۆی هەبێت و وابەستەی دەنگ نەبێت، وەکوو الی مەزهەری خالقی دەیبینین. بەهجەت یەحیا بە موزیکەکەی فێرمان دەکات گوێ بگرین، نەک تەنها لە دەنگی، بەڵکوو لە موزیکەکەشی. موزیکەکەی تەنها بۆ ئەوە نییە بۆشاییی کات پڕ بکاتەوە، کۆیلە و وابەستەیەک بێت بەهجەت یەحیا بۆ دەنگی خۆی. ڕزگارکردنی موزیک لە کۆیلەیتیکردنی دەنگی گۆرانیبێژ و گەڕانەوەی سەربەخۆی
بۆی، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی موزیکی بەهجەت.

چەندە تابلۆ تەنها فینۆمینۆلۆگیی ڕەنگ نییە، ئاوهاش موزیک تەنها لە ڕێگەی فینۆمینۆلۆگیی دەنگەوە ناناسرێتەوە. ئەوەی وامان لێ دەکات موزیک وەکوو موزیک بناسینەوە، چەشنی ئاخاوتنی دەنگی ئالەتەکانە، ڕیتم و سیستەمێکە لە هارمۆنیک، کە دەبن، میدیۆمێک، تیادا بە فۆرمی جیاواز دەدوێنرێن. ئەم تۆنالیتێتە (Tonalität) دەگات بەو شوێنەی زمان و ڕەنگ نایگەنێ، یان هێزی ئەوەیان نییە بیگەنێ. زمانی موزیک بۆیە دەبێتە دۆخێکی ڕەها، چونکی شتێک نییە بگوترێت، یان تەعبیری لێ بکرێت. هونەری بەهجەتیش گەیەنەری شتێک نییە، بەڵکوو دەمانگەیەنێت بە شتێک، ڕوونکردنەوەی دۆخی دەرەوەی خۆی نییە، بەڵکوو خۆیەتی وەکوو ئەوەی هەیە. ئەم چەشنە لە هونەر شتێکمان بۆ ڕوون ناکاتەوە بۆ ئەوەی لێی تێبگەین، وەکوو فیکر لە ڕێگەی زمانەوە دەیکات، بەڵکوو دەمانبات بۆ شوێنێک و زەمەنێک، کە خۆمان خۆمان بین. دۆخێکی وجودی، کە تیایدا خۆمان خۆمان ڕوون بکەینەوە، بێ ئەوەی قسە بکەین یان ڕەنگ بڕێژین